
# " خەمخۆرانی ئەنفالستان خۆزگە لە گەڵتان بوومایە "



**فەخرەدین گەرمیانی**
2006-05-14

**پێش ئەوەی بێمە سەر باسەکەم لێرەوە لەم دوورە وڵاتەوە دەمەوێ سەڵاوێکی گەرمیانانە ئاراستەی ئەو کەسانە بکەم کە ئەگەر بە وشەکیش بووبێت ئەنفالکراوەکان و پاشماوەکانی ئەوانیان بەسەر کردۆتەوە ، بەڵام ڕێزێکی تایبەتم بۆ ئەو مرۆڤانە هەیە کە ئەرکێکی زۆریان کێشاوە تاکوو یادی ئەو قوربانیانە هەمیشە لەبەرچاو بێت ، ئەمڕۆ وەک پیشەی هەمیشەییم بە ناو هەموو ماڵپەڕو بڵاوکراوە کوردیەکاندا دەگەڕام ، خوێنەرێکی هەمیشەیی ماڵپەڕو هەموو نووسینێکی کوردیی و عارەبیی و ئینگلیزیم بە دەگمەن هەیە شتێک لەسەر گەلەکەم بنوسرێت نەیخوێنمەوە ، بەڵام هەر نووسینێک لەسەر ئەنفال نووسرابێت یان بنووسرێت بایەخێکی تایبەتی پێدەدەم ، لە مێژە لە ماڵپەڕی کوردستان نێت و ماڵپەڕی "چاک" چاوم بە گۆڤاری ساڵانەی "ئەنفالستان" کەوتبوو بەڵام لە هەردوو ماڵپەڕەکەدا هەرچیم دەکردو دەکۆشا ئەنفالستان نەدەکرایەوە ، زۆرم خەم دەخوارد تاکو گەیشتە ڕادەی کە دەست بشۆم لەوەی بتوانم بیخوێنمەوە ، بەڵام هەر بە ڕێکەوت ئەمڕۆ گەڕامەوە سەر ماڵپەڕی چاک و پاش هەوڵێکی زۆر ئەنفالستانم کردەوە بەڵام تەنیا لە کۆمەڵێک چوار گۆشە بەولاوە هیچ نووسین نەبوو وەلێ خۆشبەختانە چونکە ئەنفالستان بە شێوەی پی دی ئێف خرابوونە سەر ، یەک یەک لاپەڕەکانیم تێکەڵاو بە فرمێسکی گەرم و ئاهو حەسرەتەوە خوێندەوە.**

**ئەو هەموو دڵسۆزییەی (کاک عومەر محەمەد و کاک لەتیف فاتیح فەرەج و دۆستی دێرین و هاورێی خۆشەویستم مامۆستا نەجیب گەرمیانیم*) دێڕ بە دێڕ و پیت بە پیت دەخوێندەوە ، کە گەشتێکیان بۆ گوندە بێنازەکانی هەردەی گەرمیان و زەنگنە کردبوو لەگەڵ هەر دێڕێکدا فرمێسکێکم لەچاوان دەهاتە خوارێ و سەدان نەفرەت وتفم لە چارەی بەعس و ئەنفالچیەکان و جاشی زۆڵە کورد دەکرد ، لە هەمان کاتیشدا بیرم لەو هەموو مەسئوولە نامەسئوولانەی کوردستان دەکردەوە کە خۆیان گوتەنی لە ڕۆژانی سەختی خەبات گەرمیان گەرمترین لانکی شۆڕش بووە بۆیان ، ژنە گەرمیانیی بێئەوەی پیاویشی لە ماڵ بووبێت بە مەردایەتی و بە شەرەفەوە پێشمەرگەی ئەوساو کاربەدەستیی ئێستای بە سەربەرزیی بەڕێ کردووە ، مخابن سەد مخابن کە ئێستا ئەو بە ناو بەرپرسانە بە پێش چاوی ئەو خەڵکانەوە بە فڕکان فڕکانی**

**مۆنێکاو لەیلا عەلەوییەوە وەک تیسکەی تفەنگ تێدەپەڕن بێئەوەی ئاوڕێک لە کوانووی ئەو ئاگرانە بدەنەوە کە نمەکیان کردووەو ڕۆژانێک سکی برسیی پێشمەرگەیان تێر کردووەو ماندوێتی ڕێگای شەوو ڕۆژیان حەساندۆتەوە، لە چاوپێکەوتنەکاندا کە ئەنجامیاندابوو لەگەڵ ئەو خەڵکە بەشەرەفانەی دێهاتەکاندا لێزمەی گلەیی لە حکومەت و کاربەدەستان تێکەڵاوی فرمێسکە گەرمەکانیان دەبوو کە دێهاتەکانی گەرمیان ئاوڕی ڕاستەقینەیان تا ئێستا لێنەدراوەتەوە بۆ؟؟؟؟ وەڵامەکەی لە دوتوێی نهۆمەکانی کۆشکی بەرپرسانا دەست ئەکەوێت!!!**

**بەشێکی کەمیی ئەو خەرجییەی سەرفی ئەکەن بۆ داوەتکردنی "برا" عارەبەکانیان بۆ کوردستانی هەمیشە برینداری دەستی ئەو برایانە ئەگەر سەرفیان بکردایە بۆ دێهاتەکانی گەرمیان ئێستا ئەو خەڵکانەی کە باوەشی گەرم و بە ڕوویەکی هەمیشە خۆشەوە بەخێرهاتنی لێدەکردن ، ئاوا پڕ لەگلەیی و گازندە نەدەبوو، ئەگەر حکومەتی کوردستان هەندێک فشار بخاتە سەر حکومەتی میسر بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو 18 پاکیزەیەی گەرمیان ئێستا کاک (هاوڕێ محەمەد)ی پێشمەرگەی پێش و دوای ئەنفال ، کە برای یەکێک لەو خوشکە پاکیزەیەی هەموومانە ئاوا بە حەسرەتەوە فرمێسکی نەدەباران ؟**

**چ بڵێم ؟ ئەوەندە ئەڵێم خۆزگە خەمخۆرانی ئەنفالستان لە گەشتەکاندا بۆ گەرمیان منیش لە گەڵتان بوومایە...**

---

*** من کاک عومەر محەمەد و کاک لەتیف فاتح تەنیا لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە دەناسم کە پڕە لە کوردایەتیی، بەڵام مامۆستا نەجیب لە ساڵی 1983 ەوە دەناسم و دۆستێکی زۆر نزێک وبرادەرێکی خۆشەویستمە ، مامۆستا نەجیب کوردێکی خاوەن هەڵوێستێکی کوردانەی پاکە .**